# ئەگە توركیا شەری فەرز كرد بە دوا شەرمان بێت ..!

## جەوهر نامق سالم



جارێكی دیكە گێرفی دژایەتی كورد وكوردستان بە باكوور باشووریەوە لە لایەن حكومەتی توركیاوەبە بە توندی بەرزتر دەبێتەوە و، لەشكركێشی و شەر و پێكدادان و تۆپاران وبەزندانی سنوور و ئاسمانی هەرێمی كوردستان وفیشار و هەڕەشە كردنییان بە هاتنەناوەوەی باشوور ، دۆخەكەیاند گەیانەدە حالەتی شەڕ .

ئەم هەڵمەتەی توركیا دژ بە كورد وكوردستان دەكەوێتە خانەی بیستوپێنجەمین ئۆپراسیۆنی سوپاكەیەوە. (24) ی پێش ئێستای بێهەوودە و،دەرئە نجامەكانیشی زەرەروزیانێكی گیانی ومالّی و ئابروچون بوە و، بۆ بزاڤی رزگاری خوازی كوردیش ئەگەرچی ، زەرەروزیانێكی گیانی ومالّی لیّ دەكەوتەوە ، وەلی بەهێز وبەئەزموونترو، بەردەوامیشەلەخەبات و بەڵنگاری و، دەبێتیش هەر وابێت ،چونكە نەتەوەیەكی بن دەست و مافخوراوبەند تەنها بەرخۆدان وتێكۆشانە كە كۆت وبەندەكانی ئە پسێنێت ورزگاری دەكات و ، دوژمن و دۆستیشی حیسابی بۆ دەكات و رێزی لیّ دەگرێت .

بە بەراورد كردنی چونیەتی و چەندایەتی ئەو (24) لەشكركێشەیەی توركیا بو باكورو باشوورمان و سنووربەزاندنیان (بە خۆشی و بەناخوشی )، لە گەلّ ئەمەی ئێستا كەلەناوەراستی مانگی ئوكتوبەری ئەمسالّ دەستیپێكردوە ، هەندی جیاوازی بە دەر دەكەوێت لە وانە :

1. بۆ (5) سالّ ئەچێت ( PKK ) ، یەك تەرفە ئاگربەستی بەرامبەر بە حكومەتی توركیا راگەیاندووە ودرووشمی خۆی گۆڕیەوە . داخۆزی چارەسەركدنی كێشەی كورد بە دیالۆك وئاشتی ولە چوار چێوەی توركیایەكی دیموكرات و پێشكەوتووخواز دەكات ، كە چی تاكو ئێستا حكومەتی توركیا بە فەرمی ئەو ئاگر بەستەیەیی قەبوول نیە و ئامادەیش نیە بە فەرمی دان بە بوونی كوردو كوردستان وكێشەكەی بنێت و لە گەلّ سەرانی بزاڤی رزگاری خوازەكەی هەولّی رێگاچارەیەك بەدات . بە پێچەوانەوە سوورە لە سەر نكۆلی لێكردن وبەكار هێنانی زبانی هەڕەشەوتوند وتیژی ولووت بەرزی و،هەڵوێستیان بەرامبەر دوپات كردنەوەی راگەیاندنی ئاگر بەستی ( PKK ) رۆژی 2007/10/22 هێشتا نە گۆڕە .!
2. ململانیّ لە نێوان هەردوو جەمسەر ، ( حیزبی دادوەری و گەشە پێدان ) و ( دەزگای سوپای ) توركیا لە سەر دەسەلاّت ، پاش سەركەوتنەكانی جەمسەری یەكەم لە هەلّبژاردنەكانی مانكی تەمموزی ئەمسالّ و فەرزكردنی عبدوالله كۆیل وەكو ( سەرۆك كۆمار ) بە پێچەوانەی ویست وخواستی عەسكەر و پرۆژەی چاكسازی دەستووری توركیا و، كۆمەڵێك گیرو گرفتی دیكەی ناوخۆو دەرەكی،قەیران وململانێیەكەیان بەرەو بن بەست دەڕوات.جەنەڕاڵەكان بریندار و تەنگە نەفەسەن. بارودۆخی خودی توركیا وبنكەی حیزبی دادوەری و گەشە پێدان لە نێو چەماوەردا و دروومی ئیقلیمی ونێودەولەتی دژی هەر پەنابردنێكیانە بۆ كوتەدا، هەر وەك دەزگای سوپای تورك لە سەری راهاتبوو ( هەر (10) سالّ جارێك (كشی ) سیاسیەكان بكات وبەگەزو پێوانەی خۆی كلكوكۆیان كات ودەسەلاّت دابەشكاتەوە وگرفتەكان حەسم كەن.
3. لە سنووری (70) كورد بە باكگراوند و ئینتیمای سیاسی و حیزبی وهەڵوێستی جیاجیا و لە هەلّبژاردنی تەمموزی ئەمسالّ بوونە ئەندامی پەرلەمانی توركیا زۆربەیان سەر بە حیزیی ئۆردوگان و لایەنە توركەكانن و كەمتریان لاینگیر و هەواداری لایەنە كوردیەكان و لە پێش هەموویانەوە (PKK) ە . ئەگەر چی ئەو ژمارەیە كاریگەریەكی ئەو تۆی نابێت لە سەر یاسا وبڕیار و هەڵوێستی پەرلمانی توركیا ، وەلیّ بە جیاوازی بیر وبۆچون و ئینتیمایی حیزبی ، هەر یەك لەو كوردانە بە شێو وشێوازی خۆی لەو دەزگایە ئەتوانێت ( كوردایەتی ) بكات و سەرەتایەكە بۆ هەنگاوێكی باشتر و، دەسەلاّتدارنی تورك ناتوانن چاو لەم دیاردەیە بپۆشن بە تایبەتی ئەگەر هاتوو لە نێو ئەم (70) ئەندامە دیالۆك و كەناڵێكی هاوبەش هەبێت ..

4. یەکەم جارە تورکیا وەکو وڵات لەگەڵ هەرێمی کوردستان خۆی لە پەیوەندیەکی ئابووری وبازرگانی گرنگ وهەستیار دەبینێتەوە . قەبارەی ئەو بازرگانیە لە ماوەی (8) مانگی ئەمساڵ نزیکی (5) ملیار دۆلارە، ئەمەش لە قەبارەی بازرگانی نێوان تورکیا و اسرائیل ،کە یەك لە نزیك وگرنکترین دۆستی تورکیایە یان فیلەندا یان دەیان دوڵەتی دیکە زیاترە. لە ئاخوتنێکی (جەنراڵ دیڤد پاترویوس) فەرماندەی هیزەکانی فرەرەگەز لە ( العراق) بۆ پەیامنێری دیپلووماسی BBC کە رۆژی 2007/10/25 بلاّوکرایەوە ، پاترویوس پاش ئەوە رۆشەکە بە ئاڵۆز وەسف دەکات و رووبەڕووبوونەوەی سوپای تورکیا لە گەڵ هێزەکانی ئەمریکا رەتدەکاتەوە ، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە قەبارەی (وەبەرهێنانی کۆمپانیەکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان تاکو ئێستا لە نێوان (8-10) ملیار دۆلارە) . بە پێی راگەیاندنێکی یەکێتی ئابووری ناسانی کوردستان (40٪) بودجەی ساڵی 2006 ی هەرێمی کوردستان دراوەتە کۆمپانیا وکەرتە ئابوورییەکانی تورکیا ، بەرامبەر کارو وپرۆژەکانیان لە هەرێمی کوردستان، بەمەش تورکیا ساڵانە زیاتر لە (7-8) ملیار دۆلاری لە کوردستان دەستکەوتە. ناوەندی بڕیاردەری تورك ناتوێت،لە کاتی وەرگرتنی هەڵوێست بەرامبەر بە کورد و هەرێمی کوردستان حیساب بۆ ئەم دیاردەیە نەکات . لە وەش زیاتر هەرێمی کوردستان بازاڕێکی کرنگە بۆ کالاّ و هێزی کاری تورکیا ودەروازەیەکە بۆ سەرتاسەری العراق. لە هەمووشی گرنگتر تەرازوی بازرگانی نێوان تورکیا هەرێمی کوردستان زۆر بەلای تورکیادا شکاوەتەوە . ئەمەش لە بواری ئاڵۆگوری بازرگانی ئەگەر چی لەنگە بۆ لایەنی کوردی ، خۆی لە خۆیدا کەم هاوتایشە .
5. یەکەم جارە تورکیا لە رێگای کۆمبانیەکانیەوە داخیلی پیشەسازی کەرتی نەوت دەبێت لە (العراق) ئەویش لەرێگای کوردستانی باشوورەوە . بە هۆی چەند گرێبەستێکی بەدواگران و دۆزینەوە ودەرهێنانی نەوت و گاز، بەرژەوەندی تورکیا کەوتە کوردستانی باشوور و ( العراق) وە ، کە پێش زیاتر لە 70 ساڵ حکومەتی پادشایی ئێراق و ئینگلیزەکان بەرژەوەندی تورکیایان لە کەر تی نەوت لە (ئێراق) نەهێشت . واتە حکومەتی پادشایی ( ئێراق ) لە دەرگاوە تورکیایی لە کەرتی نەوت دەرکرد ، وحکومەتە یەك لە دوایی یەکەکانی (ئێراق) ئەو دەرگایەیان هەر بە داخراوەی هێشتەوە ، کە چی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەنجەرەوە بەرژەوەندی تور کیایی هێنایەوە کوردستانی باشوور و (العراق). ئەو گرێبەستانە کە لە گەڵ چەند کۆمپانیایەکی نەوتی تورکی ئیمزاکراوە وهێشتا وەکو گرێ بەست بۆ خەڵکی کوردستان نهێنیەو،بە دەر لە لایەنە سلبییەکانی ئابووری وسیاسی ، ئەوەی تاکو ئێستا ئاشکرایە وەکو گرێبەست لە قازانجی کۆمپانیە تورکەکانە . سەرەرای ئەمەش لولەی نەوتی نێوان ( کەرکوك – جیهان ) بە نەوت و بە جوگرافیاوە لە کوردستانی باشوورەوە دەگاتە بەندەری جیهانی تورکی . واتە ئەم سەرچاوە گرنگ وئیستراتیجییە بۆ ئابووری تورکیا لە ژێر ئیرادەی دەسەلاّتی کوردستانی باشووردایە . تەنها لە مەیانەی ئەم دوو هەفتەی دواییدا و بەهۆی هەندی هۆکار کە یەك لەوانە ئەو گرژیەی کە هەیە لە نێوان حکومەتی تورکیا و (PKK) وکوردستانی باشوور کە تورکیا لێی بەرپرسیارە، نرخی یەك بەرمیلی نەوت بۆ یەکەم جار تەجاوزی (92) دۆلار دەکات . واتە هەر یەك بەرمیلی نەوتی خاو لە سنووری 15 دۆلار زیادی کردووە. ئەمەش رەنگدانەوەیکی نەگەتیفی گەورەی دەبێت لە بازاری جیهان و ، تورکیای پێ تاونبار دەکرێت .
6. باشووری کوردستان ، لە دیاریدەیەکی ئەمری واقیع دەرچوە و ئەمڕۆ کیانێکی پێناسە کراوە و بەفەرمی بە پەیوەندیەکی فیدراڵی بەشێکە لە ( العراق). واتە واقیعکی سیاسی ئیداری دەستووری سەلمێندراوی هەیە ، نەك چەند پارێزگایەکی ئێراقی جاران یان ( زۆنێکی ئاسایشی ) پارێزراوی ساڵانی(991-2003 ) و، زیاد لەوش خاوەن دەسەلاّت وهێزو تواناى خۆیەتی وبەرپرسیارە لە پاراستنی سارومالّی هاولاّتیانی و دەستووری ( العراق ) یش ئەو مافەی پێداوە .
7. لە ساڵی (2003) وە ، ئەمریکا وەکو تاکە جەمسەر وزلهێزی جیهان ( العراق ) بە کوردستانی باشوورمانیشەوەی داگیر کردووە. بە پێ بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی وکەین وبەینی لە گەڵ حکوومەتی ( العراق ) ، ئەمریکا بەرپرسیارە لە دابینکردنی ئەمن وئاسایشی ( کوردستانی باشوور) وەکو بەشێکی ( العراق ) و، هەر بەزاندنێکی ئەو سنوورە لە لایەن سوپای تورکیاوە رووبەرووبوونەوەیکە لە گەڵ ئەمریکا . تورکیایەکی ئەندام لە ناتۆ وهاوپیمان وپشت گەرم بە ئەمریکا وپر ناحەز، چۆن ئەتوانێت ( عصى الطاعة ) ی ئەمریکا بشکێنێت و تەجاوزی خەتی سووری کات ، بە تاییەتی بوش و ئیدارەکەی لە زەلکاوی ( العراق ) دا لە مێژەوە چەقیون ، هەوڵی دۆزینەوەی رێگەیەك بۆ دەر چوون لێی و،تەنها ناوچەی ئارام ونموونەیەکی سەرکەوتووی

ئەمریکا لەم وڵاتە کوردستانی باشوورە.بە بەزاندنی سنوور لە لایەن سوپای تورکیا باری ئەمریکا ئاڵۆزتر دەکات ومسداقیەتی زیاتر لە دەست دەدات و ریگایش ڤاڵا دەکات بۆ خروقاتی دیکەی ئیقلیمی .ئەمەیش لە شەرائیتی ئەمڕۆی واقیعی ئیدارەی بوش قابیلی قەبووڵ نیە ، ئەگەر کرایش بێ حیساب نابێت !

8. بڕیاری لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی کۆنگریسی ئەمریکی سەبارەت بە کۆکوژیەکی ساڵانی (1915-1921) ی ئەرمەنیەکان کە لەسەر دەسەتی دەسەڵادارانی تورکی ئەو سەردەمە روویدا،وەکو تاوانێکی(جینۆساید)، دەسەڵاتدارنی تورکیایی نیگاران کردووە و،یەك لە هەڵمەتی فیشار و گرژ کردنی رەوەشی سنووری ( العراق وتورکیا ) و مولەتدانی سوپای تورکیا لە لایەن حکومەت و پەرلەمان ، بە پاساووی لێدان و نەهێشتنی بنەکەکانی (PKK) لە چیاکانی سەر سنووری هەرێمی کوردستان وهەڕشە کردن بە بەزاندنی ئەو سنوورە، رەد فیعل و ئیپتیزاێکی تورکیایە و، یەك لە ئاما نجەکانی حکوومەتی تورکیا رێگرتنە لەو بڕیارەو و راگرتنیەتی لە کۆنگریس و،راکێشانی ئەمریکا بو لێدانی ( PKK ) وفەرز کردنی ئەجندەی خۆی لەسەر حکوومەتی ( العراق ) وهەرێمی کوردستان. بەسەرکەوتنی تورکیا لە فیشار یان هەتاکو بەشێکیشی ، مەترسێکە بۆ پاشە رۆژ ، کە بەهەمان شێوە بەردەوام بێت لە دەستێوەردان و ببێتە تەرفێکی کێشەکانی ناوخۆمان .

9. تورکیا لە مێژەوە سوودی لە جیوپۆلەتیکی خۆی وەرگرتوە وەك زلهێزێك ئیپتیزازی ئەندامانی ناتۆوڵاتانی دەوەر بەری خۆی دەکات .هەر بۆ نموونە، لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیا ،سەرانی ئەم کۆمارە خۆیان نزیکی دەوڵەتی سۆڤیەتی ئەودەم کرد بۆ ئیپتیزازی بەریتانیا و فەرەنسا. کۆمەڵێك دەستکەوتیان وەدەست هێنا،لەوانە گۆرینەوەی ریککەوتنامەی ( سیڤر) بە (لۆزان 1923) . تورکیا کێشەی ململانێی ناخۆی هەیە . دژی هەر گۆڕنکاریەکی بنەرەتی وپۆزەتیفانەیە لە ( العراق) . باش ئەزانێت ئەمڕو ئەم ( العراق ) ە لە قەیرانێکدایە ومەیدانی دەستێوەردانە. ئەوەی بۆ ئێران وسوریا یان لواوە بۆ تورکیا نالوێت . چونکە ئەو لایەن و پەلوو پۆیانە کە لە سەر تورکیا ماڵن لاوازن و بێ بنەمان و،خەونی تۆرانی وکەمالیزمەکانی تورکیا بە مووسل و کەرکوك خەونێکی نەزۆك و فرە ناحەزە . بۆیە تورکیا شان بە شانی ئامرازە لاوازەکانی لە ( العراق)، لە مێژەوە پەنای بردوەتە بەر لایەنی ئابووری وهەوڵی درووستکردنی تۆڕێکی بەرژەوەندی ئیستراتیجیە ، کە شان بەشانی ئامرازەکانی دیکەی بە کاری بێت ،هەروەها ئیستغلالکردنی رەوشی ئیدارەی بوش و باردۆخی ئاسایشی ( العراق) و راوەستانی پرۆسەکە . ئەمەی تورك گەفێکی دیکەیانە و نابێت بچێتە سەر .

**لەم هەل و مەرجە چی بکرێت باشە :**

پێشەکی هیچ وڵاتدپارێز و نیشتمانپەروەرێکی کوردستانی نیە ، واقیعی ئەمڕۆی کوردستانی پاشوور بە دەستکەوتی خۆی نەزانێت . تێکۆشان بۆ وپاراستن و چەسپاندن و گەشە پێدانی ، بە لایەنێکی خەبات وتێکۆشانی پیرۆزی خۆی لە قەڵەم نەدات و، ئەم واقیعە یەك لە گۆڕنکاریە بەرچاوەکانی قۆناخی دوای رزگاری ( العراق ) ە و بنەماو وهێما کانێەتی ، هەروەها بە هەموو کەم کورتی ومەترسیەکانیەوە ، نموونەیەکی چارە سەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی و دەسەڵاتە بۆ ئایندەی ناوچەکەش .

ئەم دەسکەوتە ئە نجامی زنجیرەیەکی هەورازو نشێوی خەبات و بەرخۆدانی بزاڤی رزگاری خوازی نەتەوەکەمانە . نەیرانی کورد چاویان بەم ئەزموونە هەڵنایەت و تاکو پێان بکرێت وبۆیان بلوێت بەرهەڵستکاری دەکەن . کورد لە بۆشایەتی یان لە ئەستێرەیەکی دیکە ناژێت . بە پێی جوگرافیا و پەیوەندیەکانی ئابووری وبازرگانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لە گەڵ کۆمەڵگای ئیقلیمی و لە سەر ئاستی جیهانیش ، پارسەنگی ململانێ لە نێوان نەیارانی کورد وبزاڤی رزگاری خوازمان تاکو (ئێستا ) بەلای ئەواناد‌ا شکاوەتەوە ، وەلێ گیانی بەرخۆدان و رەوای کێشەمان و گۆرنکاریە ئیقلیمی ونێودوڵەتیەکان لە هەندی بواردا هاوکارمان بوون ، چە ند کورد زەرەرمەند بوە نەیرانی کەمتر نەبووە ، بە تاییەتی کاتێك لایەنی کوردستانی بە مەوزوعیەت ودووربینی و لە چوار چێوەی ئاسایشی نەتەوایتمان مامەڵە و هەڵسوکەوتی لە گەڵ رووداوەکاندا کردبێت .

ئەمڕۆ کورد وبزاڤەکەی روبورووی قۆناغێکی نوێ بوەتەوە و، وردی وژیری ودووربینی پیویستەو، دوور لە تێروانین بە دەسکەوتی رۆژ وکۆشە گیری و پارانەوە وکروزانەوە بۆیە :

1. بە هیچ جۆرێك ئامۆژکاری یان داخوازی یان فشار نەخرێتە سەر پێشمەرگە و هێزە جەکدارەکانی کوردستان کە رووبەروون لە گەڵ داگیران ، چەك دانێن یان دەست لە خەباتی جەکداری هەڵگرن ، لە ژێر هەر پاساو بیانویەکدا بێت . هەل و مەرج و قۆناخی

**خەباتی خەڵكی كوردستان و، سرووشت وعەقلیەت و كردەوە ودید بۆچونی داگیكرانی ، واقیعكی وەهای فەرز كردوەو، كە بوون ومانەوەی بزافی رزگاری خوازی كوردستان، بەندە بە چیاكان و گیانی بەرخۆدان وئەو چەكەی كە بەدەستی پێشمەرگەكانیەویەتی.واتە شان بەشان خەبات وتیكۆشانی سیاسی وجەماوەری وپیشەیی و شارستانی و دیبلوماسی و ئابووری ، خەباتی چەكداری بنەماو ومەرجێكی گرنگە بۆ مانەوە و بەردەوام بوون وپاراستنی گشت چۆرەكانی دیكەی خەباتی نەتەوایەتیمان بە تایبەتی لە كوردستانی باكوور كە سەرانی تورك بە راست وبە چەب ، عەلمانی وئیسلامی ، مەدەنی وعەسكەری ، دان بە بوون و مافیان نانێن و، ئامادە نین بە هیچ جۆرێك بچنە زێر باری قەبوڵكردنی نوێنەرانی كورد وەك تەرفێكی موقابیل و خاوەن كێشە و، لە غەیری نكوڵی و زمان و لەهجەی ئیحتیقار و لووت بەرزی وكورد بەهیچ نەزانینن وەسفكردنی بەچەتە و ئیرهابی وجوداخواز وبە كار هێنانی زەبرۆ زۆر،چی تر نازانن وناسەلمێنن. تاكو ئەم عەقلیەتە بالاّ دەست بێت وخاوەن بڕیار بێت ، خەتایەكی گەورەیە كورد واز لە خەباتی چەكداری بێنێت یان بەلاوەی نێت . كورد ئەودەم فكرلە ئەگەرێكی وەها بكاتەوە كە بەرامبەر بە رەسمی و بە دەستوور ، بوون ومافەكانی قەبوڵكات و لەوچوارچێوەی داخوازیەكانی خودی كورد پیادەیشی كات، ئەمەش وەكو دیارە هێشتا دوورە .!**

2. **دەبێت كێشەی باكوور وباشوور لە یەك جودا نەكرێتەوە هەر وەك توركیا جیبیناكاتەوە . مەبەستی مۆڵەت دان بە سوپای تورك وبڕیاری پەرلەمان ، بە بەزاندنی سنووری هەرێمی كوردستان و، تەحدید كردنی بۆ ماوەی یەك ساڵ ، بۆ بە دوا گەران ولێدان ونەهیشتنی ( pkk ) نیە ، بە لكو زیاتر حكومەتی هەرێمی كوردستان چارەنووسی مادە ( 140 ) و بە تحدید كەركوك و ناوچەكانی دیكەیان مەبەستە چونكە :**

- **لە دەقی ئەو بڕیارە پەرلەمان مۆڵەتی داوە بە سوپای تورك كە ( مەبەست لە ئۆپراسیون كردن بۆ باكووری عێراق لێدانی بنكەكانی ( PKK ) و ( مجاویر ) یەتی . زاراوەی ( موجاویر ) هەروەكو بەرێز ( مەسعود تەك ) سكرتێری پارتی سۆشیالیستی كوردستانی باكوور ئاماژەی بۆ كردووە دەستەواژەیەكی بە ئەسڵ عەرەبییە ولە سەردەمی عوسمانییەكان بە كار دەهێنراو واتای "دەوروبەر" دەگەیینی ) . واتە بەزاندنی سنووری هەرێمی كوردستان ولێدانی بنكەكانی ( PKK ) و(دەوروبەر)ی ئەوبنكانەیە چ گوند و بنكەی سفیل یان پێشمەرگەی كوردستان هەتاكو بنكە و بوونی سوپای ( العراق ) و ئەمریكایش دەگرێتەوە . دەقی مۆڵەت دانەكە واتە ( بڕیاری پەرلەمان ) سوپای توركیا و حكومەت پێكەوە بەشدار بوونە لە دارشتنی هەر وەك سوپا سالاری سوپای توركیا ( یەشار بویكنانت ) ئاشكرای كرد. ئەم مۆڵەت دانە بۆ ماوەی یەك ساڵە . لە مەیانەی ئەم ساڵە كێشەی ناوچە دابراوەكانی كوردستان ، بە پێی مادە ( 140 ) دەبێت چێبەجێبكریت و سنووری هەرێمی كوردستان حەسم بكرێت و، ماوەی سەرۆكایەتی بوش تەوات دەبێت و ، ئەگەری كشانەوەی سوپای ئەمریكا وچارەنووسی رۆلی ئەم ولاّتە قابیلی گۆڕانە . دەسەلاّتدارانی تورك هیچ كات نەیانشاردۆتەوە كەجێبەجێكردنی مادە ( 140 ) و چارەنووسی كەركوك وناوچەكانی دیكە وگەرانەوەیان بۆ باوشی هەرێمی كوردستان وجودی فیدرالیەتی كوردستانی باشوور لای ئەوان خەتی سوورە ، لایەنە توند ڕەوكمالیزم و شۆڤێنیەكانی تورك بە سوپاشیانەوە ، هەمیشە جەخت لە سەر ئەو دەكەن ، كە چارە نیە غەیری ئەوەی سوپای توركیا بڕواتە ناو كەركوك وەك سەرانی پارتی ( MHP ) . سەرۆك وزیران (ئەردۆگان ) یش چەند جار رایگەیاندووە كە ( ئەگەر كەر كوك بە را پرسیش بگەڕێتەوە سەر كوردستان ، قەبوڵی ناكەن ) زیاد لەمەیش :**
- **لە كاتی پەسند كردنی پرۆژەی ( بایدن ) لە لایەن كۆنگریسی ئەمریكی لە مانگی ئەیلولی رابردوو ، كە ( العراق ) بكرێت بە ( 3 ) كیانی فیدرالی ( شیعە و سوونە وكورد ، وەكو چارەسەرێك بۆ بنبركردنی توندو تیژی و ئیرهاب ورێگا چارەیەك بۆ قەیرانی بوش و ئیدارەكەی لە ( العراق ) ، سوپا سالاری توركیا ( یەشار بویكنانت ) و(ئیلكەر باشیوگ ) فەرماندەی گشتیی هێزی زەمینیی رایانگەیاند ( مەترسی بە دەوڵەتبوونی باكووری ئێراق زیاتر بووەو، بەو شێوەیەش حكومەتی هەرێمی باكووری عێراق گەورەترین مەترسییە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی توركیا . ) .ئەم لێدوانە ئەوە دەگەیەنێیت كە حكومەتی هەرێمی كوردستان نەك ( PKK ) گەورەترین مەترسیە لە سەر ئاسایشی نەتەوایەتی توركیا .**
- **بۆ لێدان و راونانی ( PKK پێش ئێستا ، سوپای تورك( 24 ) ئۆپراسیونی ئە نجام داوە ، بە تەنها و لە گەڵ هەردوو هێزی سەرەكی هەرێمی كوردستانی باشوور( پارتی و یەكێتی )، كە چی بێهوودە بووە . ئاگر بەستی یەك تەرفەی ( pkk ) لە ساڵی ( 2002 ) وە بە ئێستایشەوە، حكوومەتی توركیا نەدانی پێناوە ونە بە فەرمی قەبوڵی كردووە و، نە هەوڵیشی داوە سوود**

لەوهەلە وەرگرێت بوکێشەی کورد لە تورکیا کە بە ئاشتی ولە ڕێگایی دیالۆگ وقەبوڵکردنی یەکترچارە سەر بکرێت . واتا سەرانی تورکیا ( PKK ) یان کردووە بە مەهانە نەك ئامانج . ئامانجیش کورد دوژەکەیەتی . هەرێمی کوردستانە. ئەو گۆرنکاریانەیە کە تاکو ئێستا لە ( العراق ) ڕوویداوو ئەوەشی کە بە ڕێگاوەیە .

3. لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە، ئەگەر ناچار بوو، هەموو کارتەکانی بەرخۆدان وململانێ لە گەڵ حکومەتی تورکیا بە کار بێنت تاکو کارتی بەرخۆدانی چەکداری و، پێویستە سەرکردایەتی فەرمی کوردستان ملکەچی داخوازیە ناماقول ونارەواکانی دەسەلاتدارانی تورکیا نەبن و،لە بەارمبەر گەف و ئیپتیزازیان پاشەکشە نەکەن . کوردستانی باشوور بێ تورکیا ژیاوەو، خەڵکی بەشەرەفەکەشی ئەتوانێت بێ تورکیا بژێت . گرتنی دەرگای ( ابراهیم خلیل ) کوردستانی باشوور توشی قڕوقاتی وبێ کاری وئاوەدان نەکردنەوە ناکات . بە پێچەوانەوە ناچارمان دەکات رووکەینە گوند وشاروچکەکا نمان و ئیدی بیر لە کالاَ ئیکسپایرەکانی تورك نەکەینەوە و، دەستی ماندوومان بخەینە سەر زگی تیر و ( زگ تلیرەکانی خۆمالی خۆمانیش ) هەندی رەشیقترکەینەوە .

4. تورك بە درێژایی (6) سەدە لە هەولی تواندنەوەی کوردبەتورککردن وسرینەوەی بوون وناوی کوردو کوردستان شکستی هێناوە. سوپاکەی کە پاش سوپای ئەمریکا بە دووهەمین سوپای نێو( ناتو ) دادەنرێت و، بەو هەموو قەبارەو توانای مادی و پشتیوانی ناتۆ وئیقلیمی ، وا بۆ ماوەی (25) ساڵە ، لە مەیانی ڕووبەڕووبونەوەی لە گەڵ پێشمەرگەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (pkk) و، پاش کوشتن وبریندار وسەقەت بوونی زیاتر لە ( 100 ) هەزار کەس وخەرج کردنی زیاتر (100) ملیار دۆلار ، نەیتوانیوە سەرکەوتن وەدست بێنێت ، ئەڵێن سەرەرای هەر هەموو ئەمانە چۆن تورکیا ئەتوانێت ڕووبەرووی پێشمەرگەکانی باشوور وباکوور و ئیرادەی نەتەوەیەکی زیاتر لە (40) میلون بێتەوە ، بە تاییەتی لە واقیعی جیهان و رۆژهەلاتی ناوەراست و ( العراق ) و باشووری کوردستانی ئەمڕومان .

5. هیچ کات بە ئەندازەی ئەم جارە تورکیا توشی بەرهەڵستکاری وەها نەبوەتەوە، سەبارەت بە هەوڵی لێدانی پارتی کرێکارانی کوردستان و تۆپبارانی ناوچە سنووریەکانی کوردستانی باشوور وتەهدید کردنی بە بەزاندنی سنوور ، چ لە ئاستی کوردستان و العراق وناوچەکە و چ لە ئاستی نێودەوڵەتی ............ لە سەرتاسەری کوردستانی گەورە کۆر کۆبوونەوە و خۆپیشاندان دژی نیازی گلاوی تورکیا کەم یان زۆر بەردەوامە. رەوەندی کوردستانی لە دەرەوەی ولاَت هەڵوێستێکی خۆنەویست وکوردانە دەنوێنن. یەکەم جارە لە کوردستانی باشوور چەماوەر وسەرکردایەتی فەرمی و حکومەتی هەرێم ، ئا بەم شێوەیە هەڵوێست وەربگرن دژی بڕیاری پەرلەمانی تورکیا ونیازی سوپاکەی بۆ بزاندنی سنوری هەرێم . تاکو ئێستا حکومەت و پەرلەمان وزۆر لایەنە سیاسیەکانی ( العراق ) بە گشتی ئەم بڕیار وئەو هەولانەیانە مەحکوم کردووە. لە کۆبوونەوەی وەزیرەکانی ناوخۆی ولاتانی دەراوسێی ( العراق ) کە رۆژی 2007/10/23 لە کویت بەسترا ، بە تێکرا دژی بریارەی پەرلەمانی تورکیا بوون . کۆمکاری عەرەبییش هەر وەها هەر هەمان شت کۆماری ئیسلامی ئیران ویەکێتی ئۆروپا و روسیا و، لە هەمووشی گرنگ تر ئەمڕۆ ئەمریکایە وەکو تەنها جەمسەر وزلهێزی جیهان ورابەر و هێزی ژمارە یەکی ( ناتۆ ) ، داگیر کەری ( العراق ) ە. لە بەر پلە وپایەو رۆلی ئەمریکا لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئەرەکی وەکو ولاتێکی داگیرکەری العراق ، و ئەو قەیرانەی کە تۆشی بوە لەم ولاَتە ، لە بەرژەوەندی ئەودا نیە ، تورکیا ببێتە کەلگاو ناوچەکە گرژکات و باری ئاسایشی هەرێمی کوردستان و ( العراق ) ئاڵۆز ترکات ، و مەهانەیش بداتە دەستی هێز و ولاتانی دیکە کە هەمان کردەوەی ئەو لە العراق ئەنجام دەن . بەزاندنی سنووری کوردستانی باشوور نەك تەنها بەزاندنی سنووری ( العراق ) ە وپێشێلکردنی بنەماکانی یاساو رێسای نێودەوڵەتیە و ، باری ئاسایشی ئارامترین بەشەکانی العراق تێك دەدات و رووبە رووی حکوومەتی العراق وزیاتر ئەمریکا دەبێتەوە، بە لکو دوا رۆژی پەیوەندی ئەم ولاتە لە گەڵ ئەمریکا و هەولی بوونە ئەندامی یەکێتی ئورو پا وهەڵویست لە دۆزی کوردی باکوور گۆرینی بە سەردا دێت و، بەرژەوەندی ئابووری و بازرگانی تورکیا لە گەڵ هەرێمی کوردستان و (العراق ) یش دەخاتە مەترسیەوە .

ئەگەر تورکیا حیساب بۆ هاوپیمانەکانی خۆی نەکات وبەرژەوەندی ئابووری وبازرگانی خۆی ولاوە نێت و ، بەری هەر هەموو ئەم کوسپ وتەگرانە بگرێت و سوور بێت لە سەر حەماقەتی خۆی و، پیرۆزی خاکەکەمان بشکێنیت هەموو راگەیاندن وبانگەوازەکانی سەرانی بزاڤی رزگاری خوازی باکوور وباشوور وحکومەتی هەرێمی کوردستان ولاوە نێت و، شەرمان بە سەردا فەرزکات، لەسەر سەرکردایەتی سیاسی کوردستانە، بە هەموو توانایەکێوە و لە گشت ئاست و ناوچەکانی کوردستان شەری مان و نەمان لە گەڵ سوپای داگیرکەری تورك راگەێنیت

و، پارتی کرێکارانی کوردستان ولایەنەکانی دیکەی بزاڤی رزگاری خوازی کوردستانی باکوور ، لە قولای تورکیا پنا بەرن بۆ هەموو شێوە وشێوازەکانی بەرخۆدان .

هێزی تورك رووی کردوبێتە هەر ناوچە ولاّتێك لێی ماوەتەوەو داگیر کردووە ، یان لە ترس یان بە زۆر پاشکشەو دەرکراوە . بەندە لەو باوەڕەدایە بزاڤی رزگاری خوازی کوردستان دەبێت هەمیشە بەرامبەر بە تورکیا لە ئامادە باشیدا بێت و، پشتگیری و هاوکاری باکوور بە دەستیوەردان لە قەلەم نەدات تاکو ئەو حەلەیە تورکیا دەستهەڵدەگرێت لە دستێوەردانی وئاشووبەو و فیشار وکەڵگایەتی و لەشکرکێش و بەزاندنی سنووری باشوور و نکۆلی کردنی لە بوونی کوردوکوردستان ومافە رەواکانی نەتەوەکەمان . دەبێت سەرانی تورك ئەو راستیە بزانن ئەوەی بۆخۆیان حەلاّلی دەکەن بو خەڵکی کوردستان دووجار حەلاّلە !

کورد نە شەر خوازە ونە شەڕی ویستوەو، نە دەیەوێت و،لە هەموو گەلانی جیهانی زیاتر زەرەرمەندی شەڕوشووڕوداگیرکردنە،وەلێ ئەگەرسەرانی تورکیا هەرسوور بوون لەسەر هەڕەشەوگوڕەشەی خۆیان وسنوورمان ببەزێنن وچیا ودۆل وگوندەکا نمان تۆپاران کەن رامانکێشێن بۆ شەر ، خۆئێمە ئەهلی ئەوەین و، ئەمجارەیان تورکیا باکوور وباشوور ناچار دەکات کە خۆیان لەیەك دەن.دوور نیە شەری ئەمجارەی کورد شەری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بێت و، وەکو معلوومیشە کلیلی دەوڵەتی کوردیش باکووری کوردستانە و، بۆ ئەمەش شەریك هەر دەبێت بکرێت ، چ ئەمرۆ یان سبە . لە پێناوی ئەم ئامانجە پیرۆزە هەموو قوربانێکی ئاسان وخۆشە!

2007/10/26